# ڕۆژنامەنوس ڕێبین تەها 11/5 حوکم دەدرێت

ڕۆژنامەنوسی گەنجی تەمەن 18 ساڵ ڕێبین تەها دانیشتووی دەڤەری گەرمیان و سەرنوسەری بلاۆکراوەی داینەمۆ و سەرپەرشتیاری بلاۆکراوەی تەنزئامێزی نەعلەشۆ ڕۆژی 11/5 لە لایەن سەرۆکایەتی دادگای نەوجەوانانی سلێمانیەوە بە تۆمەتی ناوزڕاندنی کارگێڕ مەڵبەندێکی خانەنشینی یەکێتی حوکم دەدرێت ، ئێمە کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی ڕێبین تەها ئەوپەڕی شاهێدی بوێری ئەو گەنجەین کە لەو ساتانەی دێوەزمەکانی جەهل و مافیا سیاسیەکانی ئەم ولاتە هەوڵی سەرکوتکردنی گەنجانی ئازادیخوازیان ئەدا ئەو زۆر بوێرانە لە ڕێگەی قەڵەمەکەیەوە بەرگری لە خواست و ئارەزاوەکانی گەنجانی ناوچەکەی کردووە ولەو پێناوەشدا چەندین جار بووەتە میوانی بەندیخانەکانی دەسەلاّت و لە سەر وشە ئازاد و ئازاکانی زیندانی کراوە ، دواترین هەوڵێك بۆ دەمکوتکردنی ڕێبین سیناریۆیەکی مەجید سالّەح ئەندام مەڵبەندی خانەشین کراوی یەکێتی و بەرپرسی سەنتەری ڕاپرسی کۆمپانیای وشەیە گوایە تۆمەتی بەعسی بوونی داوەتە پالّی بە پێی ئاگاداریمان ڕۆژی 11/5 دوور لە چاوی میدیاکان و زۆر بە نهێنی لە دادگای نەوجەوانانی سلێمانی ڕێبین تەها بە پێی ماددەی 443 یاسای سزادانی حزبی بەعس حوکم دەدرێت ... ئێمە لای خۆمانە ئەم سیناریۆیە بە هەوڵێکی تری دەسەلاّتدارانی کوردستان و زل دز و کۆنەبەعسی و ڕابردوو پیسەکان دەزانین و زۆر بە توندی ئیدانەی ئەم کارە ئەکەین و داواکارین تێکرا هەولّەکان یەك بخرێت بۆ ئەوەی ڕێبین تەهای گەنج لە کونجی زینداندا مومارەسەی گەنجێتی خۆی نەکات و ئازادانە ئەو و تێکرای گەنجانی ئەم ولاّتە بیروڕاکانیان بخەنە ڕوو .. هەر بۆیە بانگەوزازی هەموو لایەك دەکەین دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر بەم هەولّە دژ بە ئازادی ڕادەربڕینە دەربڕن سەکۆیەك پێك بێت بۆ داکۆکی کردن لە ئازادی ڕۆژنامەوانی لە کوردستاندا ...

هاوڕێیانی

ڕێبین تەها

dadga-5-11@maktoob.com